# هەنی

# دوابڕیاری خۆی دەدا



نووسینی: موەفەق عارف لهۆنی
هونەرکاری: ڕۆزا زانا

SEED Girls

# هەنی دوابڕیاری خۆی دەدا

**(چیرۆک بۆ نەوجەوانان)**

**٢٠٢٤**

نووسینی: موەفەق عارف لەوَنی
هونەرکاری: ڕۆزا زانا

ئەم کتێبە لەلایەن ڕێکخراوی سیید پەرەی پێدراوە. خاوەنداریی هزری ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکە، بە هەموو بەشەکانییەوە، بۆ دەزگای سیید دەگەڕێتەوە. هەر هەوڵێک بۆ لەبەرگرتنەوە لە لایەن لایەنی سێیەمەوە یان وەرگێڕانی بەشێک یان تەواوی چیرۆکەکە، دەبێت ڕەزامەندیی دەربڕاوی دەزگای سیید-ی لەسەر بێت.


ناوی کتێب: هەنی دوابڕیاری خۆی دەدا
نووسین: موەفەق عارف لهۆنی
بابەت: چیرۆک بۆ نەوجەوانان
هونەرکاری: ڕۆزا زانا
چاپ: یەکەم
ژمارەی سپاردن بە کتێبخانەی گشتی هەولێر(١٧٣)ساڵی ٢٠٢٤
تیراژ: ٣٥٠٠
تێبینی: ئەم کتێبە بۆ فرۆشتن نییە.

www.seedkurdistan.org

هەنی لە گۆشەیەکی گۆڕەپانی قوتابخانەکەیان بە کزی و ماتی و بێزارییەوە دانیشتووە، گوێ بە قوتابخانە و وانەکان و ساڵی نوێی خوێندن نادات کە چەند ڕۆژێکە دەستیپێکردووە، هاوپۆلەکانی و قوتابییەکانی تر لە گۆرەپانەکەدا سەرقاڵی یاری و وەرزش و گفتوگۆن، بەڵام هەنی زۆر مات و مەلولە. بێ ئاگایە لە دەوروبەر و چواردەوری خۆی لەبەرئەوەی پارساڵی خوێندن لەبەر گرنگی نەدان بە خوێندن induced وانەکان و خۆسەرقاڵکردن بە یارییە ئەلەکترۆنیەکان و گفتوگۆکردن لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە تاقیکردنەوەکان دەرنەچوو و لە هەمان پۆلدا مایەوە، ئەم هەواڵەشی لەماڵەوە شاردەوە و وەهای تێگەیاندن کە دەرچووە بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی. لەبەر سەرقاڵ بوونی دایکی بەکاری ڕۆژانەی ماڵەوە و گرنگیدانی بەردەوام بەکوڕە خاوەن پێداویستە تایبەتەکەیان و کارکردنی ڕۆژانەی باوکی وەک ئەندازیار لە کۆمپانیایەکی نیشتەجێبوون بۆ پەیدا کردنی بژێوی خێزانەکەیان، وایکردبوو کە نەپەرژێنە سەر هەنی وئەمیش ئەوەی قۆستبۆوە، لەبری خوێندن و کۆششی ڕۆژانەی وانەکانی، خۆی بە یاری و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە گرتبوو. ئێستاش وا وردە وردە خەریکە باجی ئەو کەم تەرخەمییەی لەخوێندن دەداتەوە. سەرەنجام وەک تەختەی سەر ئاوکەوتوو شەپۆلەکانی بیرکردنەوەی بەبێ ویستی خۆی دەیهێنن و دەیبەن و بێ ئەوەی بتوانێت خۆی کۆبکاتەوە و ئامانجێک بۆ خۆی دیاری بکات، لە نێو گێژاوی دوودڵی و دڵەڕاوکێییدا نقووم بووە.



زەنگی چوونە ناوپۆل لێدەدرێت و وردە وردە قوتابییەکان بەرەو پۆلەکانیان دەڕۆن، تەنها ئەم نەبێت بەبێ هیوا ژیان دەگوزەرێنێت و خۆی داوەتە دەست چارەنوسی نادیار و بڕستی لێبڕاوە، تەواو بێزار و ڕووخاو دیارە. "هاژە وخەندە" دوو هاوپۆلی نوێی هەنین، بە هێمنی دێنە لای و هەوڵدەدەن لە گەڵیاندا بچێتە پۆل و واز لەگۆشەگیری وخۆخواردنەوە بهێنێت، بەڵام بێسودە و کەمێک بە تورەیی دووریان دەخاتەوە لەخۆی و پێداگری دەکات لە مانەوە و گۆشەگیری، بەڵام ئەوان واز ناهێنن و بەردەوامدەبن لەسەر زەنشتکردن و ئامۆژگاریکردنی بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ پۆل و واز لەم گۆشەگیرییە بهێنێت. هاژە پێی دەڵێت: (مرۆڤ بەهەر هۆکاریک تووشی گلان وکەوتن بێت، نابێت بڕوخێت وژیانی لەبەرچاو بکەوێت، بەڵکو باشترە پەندی لێوەربگرێت وبەردەوام بێت). هەنی لەم ئامۆژگارییە دووبارانەی ئەمان زۆر بێزار و جاڕس بووە، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە کە تازە بونەتە هاوڕێی قاقایەکیشی بۆ لێدەدان وگاڵتەی بە قسەکانیان دەهات، بەڵام خۆی دەگرێت و تکایان لێدەکات وازی لێبهێنن و کاریان بەسەریەوە نەبێت. خەندەش هەستی بەباری دەروونی تێکشکاوی هەنی کرد، بە خەمەوە داوای لێکرد کە ڕابردووی تاڵی لەبیربکات، هیوابڕاو نەبێت و ژیانێکی نوێ دەستپێبکاتەوە."هاژە و خەندە" وەک دوو هاوڕێی دڵسۆز و بەئەمەک، لە سۆنگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لە دڵدانەوە وهاندانی هەنی بەردەوام بوون تا واز لەو خووە ناپەسەندەی بهێنێت، بەڵام دواجار بێ هیوای کردن وپێی وتن: (ئەرێ ئێوە بۆ واز لەمن ناهێنن؟ چی دەکەم و چی ناکەم پەیوەندی بە ئێوەوە چیە؟)، دواجار هەردووکیان بە دڵی شکاوەوە بەرەو پۆل بەڕێدەکەون و لە ڕێگادا بڕیاردەدەن تا کار لەکار نەترازاوە لەم بارەیەوە لەگەڵ ڕابەری پۆل یان مامۆستا سارای ڕێنماییکار گفتوگۆبکەن.



هەنی دوای ڕۆیشتنی هاوڕێکانی و پێش ئەوەی بەڕێوەبەر و مامۆستاکان بیبینن کە نەچۆتە پۆلەوە، لە دەرگای پشتەوەی قوتابخانەوە خۆی دەدزێتەوە و دەچێت بۆ نزیکترین قاوەخانە، لەوێ شادەی هاوڕێی دەبینێت وا لەگەڵ هاوڕێیەکی کوڕی دانیشتوون و سەرگەرمی قسەکردن و قاوە خواردنەوەن. شادە بە فیزێکەوە لۆمەی دەکات: (ئەوە بۆ وا دواکەوتی دەمێکە چاوەڕێتم ؟)، هەنی لەوەڵامدا پێی دەڵێت: (وانەیەک چوومە پۆلەوە زۆر ناخۆش بوو ئیتر لەکاتی پشووەکەدا خۆمم سەرقاڵکرد و نەچومە پۆلەوە، کەچی لە پشووی دووەمدا دوو مامۆستام لێ ڕاستبوونەوە ووازیان لێنەدەهێنام )، ئەمەی بە پێکەنینەوە گووت و شادەش پێی سەیر بوو. ئیتر ئەویش بۆی ڕوونکردەوە کە دوو هاوڕێی هاوپۆلی زۆر هەوڵیان لە گەڵداوە بچێتەوە پۆل و ئەمیش بێزابووە لێیان و خۆی دزیوەتەوە و هاتووە بۆ لای ئەم. شادە بەو قسەیە خۆشحاڵ بوو، بە خەندەوە وتی: (بەخێربێی بۆ ڕیزی ڕاکردووەکان لە خوێندن، ئەمەش دلێری هاوڕێمە ). هەنی هیچ هاوڕێیەکی کوڕی نییە، بۆیە زۆر پێی سەیرە کە دەبینێت شادە ئاوا بوێرانە لەگەڵ هاوڕێیەکی کوڕی دانیشتووە. دواتر زانی کە ئەو کوڕە ناسیاو و خزمیان نییە، بەڵکو لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە یەکتریان ناسیوە. هەرچەندە هەنی ترس و دڵەڕاوکێ دایگرت بەڵام وەهای دەرنەخست و لە گفتوگۆکردن بەردەوام بوون، پاش ماوەیەک بە ڕەفتار و کردەوەکانیدا بۆی دەرکەوت کە ئەو کوڕە لوتبەرز و فێڵبازە. بۆیە زۆر نیگەران بوو، لە دڵەوە پێیناخۆش بوو کە هێندە لەخۆباییە، هەر بۆیە هیچی نەخوارد و بە بیانووی ئەوەی کات درەنگە و دەبێت هەندێک میوە وشت بکرێت کە دایکی ڕایسپاردووە، مۆڵەتی لێیان وەرگرت و بەرەو ماڵەوە کەوتەڕێ.



ئەمڕۆ بۆهەنی نەهاتییە، خۆی لە خەمێکی قوڵدایە، کەچی ڕەفتاری نەشیاوی شادە و لوتبەرزی دلێر دەروونی خەمبارتر کرد. چەندین ڕاڤەی لە خەیاڵی خۆیداکرد: (شادە چۆن خێرا متمانە بەو کوڕە لووتبەرزە دەکات کە بەتەمەن لەخۆشی گەورەترە! چۆن بەبێ ڕەزامەندیی خێزانەکەی ژوانی لەگەڵ دەبەستێت!؟...) ئەمانە وچەندین پرسیاری تر هێندەی تر دەروونیان ئاڵۆزترکرد.
هەنی کە گەیشتەوە ماڵەوە، باوک و خوشک و برا بچوکەکەی لە دەوری سفرە ئامادەکراوەکە دانیشتبون. دایکیشی لە یاریدەدەری چێشتخانە بچوکەکەوە بە مەنجەڵێکەوە هاتەژوورەوە و فەرمووی لێکردن، هەنی لە دەستشۆرەکەوە بە نارەزاییەوە هاتەسەر سفرەکەو گوتی: (چییە دیسانەوە بریانییە حەیاتەکەیە؟) دایکیشی بە نەرمی فەرمووی لێکردن،هەنی هەرچەندە حەزی لە خواردنی دەرەوە بوو، بەڵام بە ناچاری دەستی بە نانخواردن کرد.




باوکی هەستی بە خەمباری و دڵتەنگی کچەکەی کرد. بەڵام وایلێکدایەوە، کە لەوانەیە کاریگەریی خوێندنی ئەمساڵ بێت و ماوەیەکی تر لەگەڵیدا ڕابێت و ئاسایی ببێتەوە. لەوکاتەدا لە دەرگا دەدرێت و خوشکەکەی کە لە هەنی منداڵترە دەڕوات دەرگاکە دەکاتەوە و بە خێرایی دەگەڕێتەوە (دادە هەنی دوو کچی هاوڕێی تۆن)، دایکی دەیەوێت بچێت فەرموویان لێبکات، بەڵام هەنی بە پەلە هەڵدەستێت و بەدەم قسەوە (نا دایکە ئەزیەت مەکێشە خۆم دەچم) دەچێتە دەرەوە و دەشڵەژێت، کە خەندە و هاژە دەبینێت بەخێرهاتنیان دەکات. بەڵام کاتێک بۆی دەردەکەوێت کە لەگەڵ مامۆستا سارا ی ڕێنماییکار قسەیانکردووە و ئەو داوای لێکردوون کە سەردانیماڵەوەیان بکەن و لەگەڵ دایکی قسە بکەن بزانن کێشەی چییە، بۆچی وەها زوو ڕۆیشتۆتەوە و نایەتە پۆلەوە؟ خێرا ڕێگرییان لێدەکات و پێیان دەڵێت: (ئا... ئەوە بۆیە وا زوو هاتمەوە چونکە پورم لە ماڵی ئێمەیەو مناڵی بووە، من خزمەتی دەکەم، چونکە دایکم کەمێک پشتی دەیەشێت و دەبێت ئاگای لە برا نەخۆشەکەم بێت، بۆیە دەبێت بۆ چەند ڕۆژێک من خزمەتی بکەم)، ئەوانیش پیرۆزبایی لەدایکبونی منداڵە ساواکەی لێدەکەن و هیوای شیفا بۆ دایکی دەخوازن، داواشی لێدەکەن کە هەوڵبدات زۆر لە خوێندن دانەبڕێت و پێی دەڵێن : (چیتان پێویست بوو ئێمە لە خزمەتداین). هەنی سوپاسیان دەکات و هەردووکیان بەڕێدەکات، کە دەچێتەوە ژورەوە دەبینێت دایکی خەریکی کۆکردنەوەی قاپەکانە و باوکیشی خۆی ئامادە دەکات بچێتەوە سەرکارەکەی، بۆ ئەوەی زۆر پرسیاری لێنەکەن خۆی پێیان دەڵێت: (ئەوە دوو کچی هاوپۆلم بوون تازە هاتونەتە ئەم گەڕەکە، داوایانکرد کە بەپاسەکەی ئەوان هاتووچۆ بکەم، بەڵام من ڕەتمکردەوە وتم: خۆ قوتابخانەکە ئەوەندە دوورنییە، خۆم بەپێ هاتووچۆ دەکەم) خێرا باوکی وتی: (نا کچم بۆ ئەوەی ماندوو نەبیت، من تەکسیت بۆ دەگرم یان با شۆفێرەکەم هاتووچۆت پێبکات)، هەرچەندە هەنی ئەم بڕیارەی باوکی پێباش نەبوو، بەڵام بێدەنگ بوو ...



کات شەوە، باوکی هەنی لەسەر تاکێکی قەنەفەکان دانیشتووە و بەدەم چا خواردنەوەوە سەیری درامایەکی تەلەڤزیۆنی دەکات. جارجارە بزەیەک دەکەوێتە سەر لێوەکانی، دایکیشی چاییان بۆ تێدەکات و سەرنجیشی لەسەر دراماکەیە، خوشک و براکەشی خەریکی پیاچوونەوەی وانەکانیانن، منداڵە ساواکەش لە ناو بێشکەکەی گڕوگاڵیەتی، هەنیش لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا دانیشتووەو سەرگەرمی نامە گۆڕینەوەیە لەگەڵ شادە و هاوڕێکانی و داوای ڕوونکردنەوە لە شادە دەکات دەربارەی دلێری هاوڕێی، ئەویش پێی ڕادەگەیەنێت، کە ڕاستە دلێر کەمێک لووتبەرزە، بەڵام کوڕێکی باشە و هاوڕێیەکی دڵسۆزە وهانیشی دەدات کە ئەویش ئیتر منداڵ نییە و دەتوانێت هاوڕێی کوڕی هەبێت، بەڵام هەنی زۆر بە ترسەوە بابەتەکە ڕەتدەکاتەوە و پێیدەڵێت کە ئەو بیر لەشتی وەها ناکاتەوە. ئیتر شادە بۆ ئەوەی زۆر فشاری نەخاتەسەر پێشنیازی بۆ دەکات کە سبەینێ دوانیوەڕۆکەی پێکەوە بچن بۆ شوێنێک و کاتێکی خۆش بەسەرببەن، هەنیش ڕەتیدەکاتەوە، دوانیوەڕۆیان ناتوانێت، چونکە بیانووی چونەدەرەوەی نییە. ئیدی وەها ڕێکدەکەون کە بۆ پێش نیوەڕۆ بچن تا وەکوماڵەوە وا بزانن لە قوتابخانەن. هەنی بەخۆشحاڵیەوە ڕوو لە باوکی دەکات و دەڵێت: (باوکە گیان ئەوە ئێستا لەگروپی پۆل ئاگاداریانکردمەوە کە سبەینێ هەردوو پۆلەکەمان بۆگەشتی زانستی دەبەن بۆ مۆزەخانە و ڕابەری پۆلیش دەڵێت دەتوانن جلی قوتابخانە نەپۆشن)، دایکی بە گومانەوە دەڵێت: (خۆ هێشتا سەرەتای ساڵە، گەشتی زانستی چی؟ ئەی بۆ بە جلی قوتابخانەوە ناچن؟)، بەڵام باوکی ڕەزامەندی دەنوێنێت و بڕێک پارەشی پێدەدات: (کچم بە خۆشیتان بێت و ئاگاداری خۆتان بن). هەنی بە شادومانییەوە پارەکە وەردەگرێت و باوکی ماچدەکات: (قوربانی باوکە گیانی خۆم بم).




دواى نوستنى منداڵەکان دایکى بەسەرزەنشتەوە بە باوکى هەنى دەڵێت: ﴿ئەوە بزانە ئیتر هەنى مناڵەکەى جاران نییە و دەبێت زیاتر ئاگادارى بین وپشتگیریى بکەین، ئەوەندەش نازى مەدەرێ﴾. باوکى هەنى بە خەندەوە دەڵێت: ﴿منداڵ لەهەرتەمەنێکدا بێت پێویستى بە نازى دایک و باوکە﴾، بەڵام دایکى قسەکەى پێدەبڕێت: ﴿تەمەنى ئێستاى ئەو پێویستى بە ئامۆژگارى و چاودێرى وردى ئێمەیە، بەڵام هەست دەکەم ئێمە کەمێک فەرامۆشمان کردووە﴾، باوکى دڵنیاى دەکاتەوە و دەڵێت: ﴿کاتێک ئێمە لە تەمەنى ئەودا بووین لە زۆر شت بێبەش بووین، با ئەوان کەمێک بۆ خۆیان بژین، بەڵێ متمانەش گرنگە بۆ ئەوەى کەسێتى خۆیان بدۆزنەوە﴾، ئەوان بێئاگابوون لە ڕەفتاروکردەوە نەشیاوەکانى کچەکەیان ...




مامۆستای وانەی زانست لەناو تاقیگەکەدا راوەستاوە، بەشێک لە ئامرازەکانی ڕوونکردنەوەی وانە نوێکەی ئامادەکردووە و سەرەتا ناوی نەهاتووەکان تۆماردەکات. چاودێری پۆل پێی ڕادەگەیەنێت کە چرۆ مۆڵەتی نەخۆشی وەرگرتووە و هەنیش نەهاتووە، یەکێک لە قوتابییەکان بە توانجەوە دەڵێت: (هەنی بە دڵی خۆی دەوام دەکات)، یەکێکی تر: (هێشتا خەو بەرینەداوە)، پێکەنینی قوتابییەکان خەندە هاندەدات: (نەخێر وانییە ئێوە بۆ لەخۆتانەوە قسە دەکەن)، دەچێتە لای مامۆستاکە و بەدەنگێکی نزم پێی دەڵێت: (مامۆستا گیان من و هاژە دوێنێ سەردانی هەنیمان کرد لە ماڵەوە، پوری لە ماڵی ئەوانە و منداڵی بووە، ئەویش دەبێت چەند ڕۆژێک خزمەتی پوری بکات). مامۆستاش دەست خۆشییان لێدەکات و دەڵێت: (وەها باشترە دایکی یان باوکی بێن بۆ قوتابخانە و مۆڵەتی ئەم چەند ڕۆژەی بۆ وەربگرن)، پاشان بە بەکارهێنانی ئامرازی هاوچەرخ بابەتەکەی شیدەکاتەوە و لەتەک ئەوەشدا باسی سوودە زۆرەکانی تەکنەلۆژیا و بواری ئەنتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەکات، کە ئەگەر بە باشی بەکار بهێندرێن چەندین ئاسانکاری بۆ ژیان و زانست و خوێندن دەکەن.


دوای تەواوبوونی وانەکە، هاژە و خەندە بەیەکەوە دەچن بۆ لای بەڕێوەبەر و دۆخی ماڵەوەی هەنی ڕوندەکەنەوە و داوای مۆڵەتی بۆ دەکەن، بەڵام بەڕێوەبەر رازی نابێت ودەڵێت: (ئێوە دوو قوتابی زیرەک و دلسۆزن، متمانەم بە قسەکانی ئێوە هەیە، بەڵام ئەو قوتابییە و خوێندنی هەیە و باشترە بگەڕێتەوە بۆ قوتابخانە، بۆ وەرگرتنی مۆڵەتیش پێویستە یەکێک لە خێزانەکەی بێت. سوپاسی خەمخۆریتان دەکەم). بۆیە ئەوانیش بڕیاردەدەن کە ئەم پەیامە بە دایکی هەنی بگەیەنن، بۆ ئەوەی لەوە زیاتر وانەکانی لە دەست نەچێت.



شادە و هاوڕێکانی لە قاوەخانەیەک بەکەیفەوە دانیشتوون و سەرگەرمی قسەکردنن، هەنیش نەچووە بۆ قوتابخانە و بەکەمێک دڵەڕاوکێییەوە دێتە لایان، شادە و دلێر بەپیریەوە دەچن و بەئەوانی تری دەناسێنن، پاشان هەنی لە تەنیشت کوڕێکەوە دادەنیشێت کە بە تەمەن لەخۆی گەورەترە و ناوی شەماڵە، هەنی خۆشحاڵ نییە و بەشەرمەوە لە کوڕو کچەکان دەڕوانێت، کە یەک دوانێکیان جگەرە و نێرگەلە دەکێشن و زۆر سەربەستانە پێکەوە قسەدەکەن. ئەوانی دیکەش بە (مۆبایلەکانیان)هاندەکانیان خەریکی نامەگۆڕینەوەن، یان سەیری ڤیدیۆ دەکەن. ئەم کەشە زۆر بە ژیانی ئەم نامۆیە، هیچ ئاسودە نییە و وەها هەستدەکات لەسەر درک دانیشتووە. لەپڕ دەنگێک ڕای دەچڵەکێنێت، کە دەڵێت: (ئەوەچیە؟! تۆ زۆر گۆشەگیر و کەمدووی، پێویست بە شەرمکردن ناکات، ئیتر تۆ یەکێکیت لە ئێمە و هاوڕێی ئازیز و بەڕێزیت)، هەنی بەم قسەیەی شەماڵ کەمێک ئارام دەبێتەوە و دەڵێت: (زۆر سوپاس برای گەورەی)، بەڵام شەماڵ زەردەخەنەیەکی بۆ دەکات و دەڵێت: (ئەی بۆ هاوڕێ نەبین؟)، شادەش خێرا دێتە ناو باسەکەوە و لەجوانی و پیرۆزیی هاوڕێیەتی دەدوێت، گوایە ئەمان کۆمەڵێک هاوڕێی زۆر دڵسۆز و ئازیز و جێی متمانەن و پێویست ناکات سڵیان لێبکاتەوە. ئیدی شەماڵ ئەوەی بە هەلزانی و کۆمەڵێک قسەی باق و بریق و خەڵەتێنەری بۆ هەنی کرد بە مەبەستی خۆلێنزیکخستنەوەی و بەدەستهێنانی ژمارەی مۆبایل و هەژماری تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانی، بەڵام هەنی داوای لێبوردنی لێکرد و بێدەنگ و خۆپارێزبوو، کە زانیشی وازی لێناهێنێت و بێزاری دەکات لەو شوێنە هەستا و چوو لە تەنیشت شادەوە دانیشت و بە تووڕەییەوە پێی گوت: (ئەمە چییە ئەوەندە بێزارکەر و بێچاو و ڕووە؟ تۆ وتت دەچین بۆ شوێنێکی خۆش، ئەمە شوێنە خۆشەکەیە؟!).



شادە هەوڵیدا ئارامی بکاتەوە و بەڵێنی پێدا کە کەمێکی تر تەنها هەردووکیان دەچن بۆ پارکێکی نزیک و بۆخۆیان پشوویەک دەدەن، بۆیە بە بیانووی ئەوەی کە هەنی کەمێک ناساغە مۆڵەتیان وەرگرت و لەوێ ڕۆیشتن، لە ڕێگادا بۆ پارکەکە هەنی سەرزەنشتی شادەی کرد کە ئەم جۆرە کوڕانە مایەی کێشەن و هەرگیز لەگەڵ ئاکار و نەریتی ئەماندا ناگونجێن، هەتا لێیان دووربکەونەوە باشترە. بەڵام شادە بۆچوونی وانەبوو، پێی ئاسایی بوو، وتی: ﴿تەنانەت زۆر بڕوا و متمانەشم بە دلێر هەیە، ئەگەر تۆش زیاتر شەماڵ بناسیت ئەوە بۆچونت دەگۆڕێت بەرامبەری، چونکە هاوڕێی نزیکی دلێرە، ئەگەرکەسێکی باش نەبوایە بە ئێمەی نەدەناساند﴾. بە درێژایی ڕێگاکە و لەپارکەکەشدا تا دەمەو نیوەڕۆ بە دوو بۆچونی جیاواز گفتوگۆ و جوابەجەنگێیان کرد وهیچیان نەیانتوانی بۆچونی ئەوی دی بگۆڕن.





دایکی هەنی مۆڵەتی دایکایەتی وەرگرتووە، پاش تەواوکردنی ئیشوکاری ماڵەوە، سەرەڕای گرنگی دان و خزمەتکردنی کوڕەخاوەن پێداویستیەکەی، ڕۆژانە خۆی بە خوێندنەوە و خزمەتکردنی باخچە وگوڵ و ئینجانەکانەوە سەرقاڵ دەکرد. وەک هەموو دایکێک لەدڵەوە ئاواتی دەخواست منداڵەکانی بەختەوەرو سەرکەوتوو بن و ئایندەیەکی گەش بۆ خۆیان دابینبکەن. لەبەرئەوەی باوکی هەنی بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ تەنها ماوەیەکی کەم بواری هەیە، بۆیە بۆ نیوەڕۆ خوانێکی بەتامی ئامادەکرد و چاوەڕێی هاتنەوەی هەموویانی دەکرد. هەنی پێش هەموویان گەڕایەوە بۆ ماڵ و بە دەروونێکی ئاڵۆز و ماندووەوە سڵاوی لە دایکی کرد. پاش خۆگۆڕین دایکی داوای لێکرد کە هاوکاریی بکات لە ڕێکخستنی سفرە و قاپەکاندا، بەڵام هەنی داوای بەخشینی کرد بە بیانووی ئەوەی کە هیلاکە، کەمێک پشوودەدات و ئێستا هیچی پێناخورێت: (دایە گیان ئێوە نانی خۆتان بخۆن، دوایی کە برسیم بوو خۆم هەڵدەستم و نانەکەم دەخۆم). پاشان چووە ژوورەکەی خۆی و ڕاکشا و کەوتە دەریای بیرکردنەوەوە، زۆر خەمبار و دڵتەنگ بوو. سەرزەنشتی خۆی دەکرد و لەبەرخۆیەوە دەیگوت: (من خەریکی چیم وچی دەکەم؟ خەریکە نوقمی هەڵە و درۆ دەبم، دەبوو من ئێستا لە قوتابخانەوە بێمەوە نەک لە کەیف و سەفا و کات بەسەربردن، یەک ساڵی خوێندنم فەوتا لەبەر کەمتەرخەمی خۆم و هاوڕێی خراپ، ئەی خوایە چی بکەم...؟)، بەگەرووی پڕ لە گریانەوە هەرچەندی دەکرد دەروونی ئارام نەدەبووەوە هیچ بڕیارێکی بۆنەدەدرا.

دەمەو ئێوارە هێشتا باوکی نەگەڕابۆوە، دایکی لەگەڵ منداڵەکان لە باخچەکە دانیشتبوون، ئەویش لە ژووری نوستنەکەوە دێتە دەرەوە و لە هۆڵەکە زۆر بەماتی لەسەر قەنەفەیەک دادەنیشێت و هاندەکەی بەدەستەوە دەگرێت. سەیردەکات کۆمەڵێک نامەی بۆ هاتووە، کە زۆربەیان نامەی شادەن بۆ هەواڵ پرسین، گلەیی لێکردووە، کە بۆ ئەو هەموو کاتە وەڵامی ناداتەوە. هەنی بۆی دەنوسێت: (ببورە، بڕوا بکە ئەوەندە ماندووم هاتومەتەوە ئاگام لەخۆم نییە)، پێشی دەڵێت کە ئەمشەویش ناتوانێت بێتە خەت، چونکە ژانەسەرێکی توندی هەیە و دەبێت پشووبدات. بەڵام شادە ڕازی نابێت و پێی ڕادەگەیەنێت کە ئەوە نابێت، چونکە شەماڵ دەیەوێت شەو بەنامە هەواڵی بپرسێت. هەنی تورەدەبێت و دەڵێت: (نابێت، ڕازی نابم ژمارە و هەژماری من بدەیت بە هیچکەس، ئەگینا هەرگیز قسەت لەگەڵ ناکەم و هاوڕێیەتیشت ناکەم).





لەوکاتەدا دایکی دێتە ژورەوە و دوای هەواڵ پرسین پێیدەڵێت: (ئادەی کچم با وێنەکانی ئەمڕۆی مۆزەخانەتان ببینم)، هەنی کەمێک دەشڵەژێت و بە بیانوی ئەوەی کە کارمەندانی مۆزەخانە نەیانهێشتووە هیچ وێنەیەک بگرن، خۆی لەداواکەی دایکی دەدزێتەوە هاندەکەی لادەبات و دەچێت بۆ چێشتخانەکە تاوەکو شتێک بخوات، چونکە زۆر برسییەتی. لەکاتی نانخوارنەکەشدا لەتاو جەنجاڵی باری دەروونی، سەرەداوەکانی خەیاڵی لێک ئاڵۆسکاون، خەریکە بەتەواوی خۆی لەدەستدەدات. ئەگەر بەم شێوەیەی ئێستای بمێنێتەوە دەبێت هەموو ڕۆژێک فێڵێکی نوێ بدۆزێتەوە تا لەگەڵ شادە و هاوڕێ بێزارکەرەکانی بەردەوام بێت. ئەوەش وا دەکات کە لە کۆمەڵێک کێشەی ترەوە بگلێت و نوقمی هەڵەی تربیێت. دوایی بە چ ڕوویەکەوە ڕووبەڕووی دایک و باوکی ببێتەوە؟ چۆن خۆی لە دەرئەنجامە خراپەکانی بپارێزێت؟ نەخێر، ئیتر تائێرە و بەسە، دەبێت بەخۆیدا بچێتەوە و بڕیاری دروست بدات، هەرچەندە بڕیارەکە گرانە و توانا و بوێری گەرەکە، بەڵام دواجار ئاسودەیی دەروونیی متمانەی بۆ دەگێڕێتەوە. دڵەڕاوکێ وخەمێکی قوڵ دایگرت...

باوکی هەنی ئەندازیارێکی چالاک و دڵسۆزە لە کارەکەیدا و لە کۆمپانیایەک سەرپەرشتی چەند پرۆژەیەکی نوێی بیناسازی دەکات، هەموویان زۆر خۆشیان دەوێت لەبەرئەوەی هێمن و لەسەرخۆیە، خۆنەویستە لە کارکردندا. ئەم بەیانییەش وەک ڕۆژانی تر خەریکی ڕاپەڕاندنی کارەکانیەتی،




لەولاشەوە هەنی بەجل و بەرگی قوتابخانەوە لە باخچەیەکی نزیک قوتابخانەکەیان بە تەنیا لەسەرکورسییەک دانیشتووە و زۆر خەمبارە و بیر دەکاتەوە. دووبارە درۆی لەگەڵ دایکی کردووە و وایتێیگەیاندووە کە بۆ قوتابخانە دەچێت. ماوەیەکە بەم تەنیایی و گۆشەگیرییە ڕاهاتووە، خۆشی دەزانێت، کە پێویستی بەسەردانی کەسێکی شارەزا یان پزیشکێکی دەروونیی هەیە بۆ ئەوەی لەم دڵەڕاوکێی و جەنجاڵی دەروونییەی هاوکاری بێت و ڕاوێژی پێ بکات. خێرا پەشیمان دەبێتەوە: (نا نا خۆ من نەخۆش نیم، کاتییەو تێدەپەڕێت)، ئەو وای پێیباش بوو کە کەس بە کێشەکانی نەزانێت و خۆی بەهێزبێت و بەسەریاندا زاڵ بێت، بەڵام نەیدەزانی چۆن و چی بکات؟ لە دەرونی خۆیدا لە ململانێیەکی توندادیە، چی بکات باشە. بگەڕێتەوە بۆ قوتابخانە و دەست بە خوێندن بکاتەوە و هەوڵبدات کە سەرکەوتوویێت لەو بوارەدا بۆ ئەوەی ئایندەی خۆی وێران نەکات و متمانەی دایک و باوکە میهرەبانەکەی لەدەست نەدات؟ یان وەک ئێستا بەردەوام بێت و خۆی بداتە دەست چارەنوس؟



(شیرنەمەنی گەرم وتازە) دەنگی فرۆشیارێکی گەڕۆکە، پیاوێکی بەتەمەنە عەرەبانەیەکی دەستی پێیە، لوقم و گەزۆ و شیرینی دەفرۆشێت، هەنی هەندێ شیرینی لێدەکڕێت، پیاوەکە پێی دەڵێت: ( سوپاس کچە جوانەکەم، ئەوە چۆنە نەچویتە بۆ قوتابخانە؟ یان ...). هەنێ بۆئەوەی خۆی لە پرسیارەکانی ئەم فرۆشیارە دووربخاتەوە پێی دەڵێت کە گوایە چاوەڕێی دایکیەتی پێکەوە دەچن بۆ ناو بازار پێداویستی خوێندن دەکڕن. فرۆشیارەکە بە وەڵامەکەی زۆر خۆشحاڵدەبێت و دەڵێت: (من بەم شێوەیە ڕۆژانە بژێوی خێزانەکەم پەیدا دەکەم بۆ ئەوەی کوڕ و کچەکانم بەردەوام بن لەخوێندن)، پاشان هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازێت و بەردەوام دەبێت لە کارەکەی. هەنی بە قسە شیرینەکانی ئەو پیاوە زۆر ئارام بووەوە و بڕیاریدا ڕووبەڕووی هەموو ئاستەنگەکان ببێتەوە، کە ڕۆیشتەوە ماڵەوە ڕاستییەکان بۆدایک و باوکی باسبکات و سبەینێ بە دڵێکی گەرم و کەسێتیەکی جیاوازەوە دەست بەخوێندن بکاتەوە. هەنی بەدەم خواردنی شیرینییەکەوە پیاسەیەکی ناو باخچەکە دەکات و بەرەو ناو بازاڕ دەڕوات.



دەمەونیوەڕۆیە، شادەی هاوڕێی هێشتا لەناو جێگەدایە، خەوالّووە و هاندەکەی(مۆبایلەکەی) بەدەستەوەیە، وای لەخێزانەکەی گەیاندووە، کە قوتابخانەکەیان نۆژەندەکرێتەوە هێشتا خوێندنیان دەستی پێنەکردووە: (تەنیا بزانم ئەو ترسنۆکە لە دوێنێوە بۆ لەسەرخەت نییە، بۆ وەڵامی نامەکانم ناداتەوە؟) چەندجارێکیش پەیوەندی پێوە دەکات بەڵام مۆبایلەکەی داخراوە و وەڵامی ناداتەوە، شادە بەنامە گۆڕینەوە و ناردنی وێنەی ئێستای نوقمی ناو تۆرەکۆمەڵایەتییەکان دەبێتەوە، دایکی لە چێشتخانەکەوە دەڵێت: ( ئەریّ ڕۆڵە وانیوەڕۆیە، ئەوە سڕ نەبوویت، دەهەستە ئیشێکم لەگەڵدا بکە). شادە بەدەنگی دایکی ڕادەچڵەکێت و نامەیەکی دەنگی دەنێرێت: (دایکم بانگم دەکات، بوەستە ئێستا دێمەوە) بە سستی لەسەر جێگاکەی هەڵدەستێت ودەچێتە دەرەوە.




باوکی هەنی لەگەڵ یەکێک لە وەستاکانی گەچکاری سەرگەرمی گفتوگۆن، یەکێک لە کرێکارەکان لە نهۆمی سەرەوە خەریکی پاککردنەوەی ژوورەکانە و بەبێ ئەوەی سەرنجی لای خوارەوەی بیناکە بدات، عەرەبانەیەک وردە بلۆک و خشت و چیمەنتۆی لەکارکەوتوو هەڵدەداتە خوارەوە، باوکی هەنی خێرا پاڵێک بە وەستاکەوە دەنێت تا هیچی بەرنەکەوێت، بەڵام چەند خشت و پارچەبلۆکێک بەر ڕان و قۆڵی خۆی دەکەون و دەکەوێت، هاواری لێبەرزدەبێتەوە بەپەلە هاوکارانی فریای دەکەون وداوای بەهاناوەچوون لە تیمی فریاگوزاری کۆمپانیاکە دەکەن و زۆر بە خێرایی دەیگەیەننە نەخۆشخانەی فریاکەوتن.




لە حەوشەکەدا دایکی هەنی بەگەرمی بەخێرهاتنی هاژە و خەندە دەکات و فەرمویان لێدەکات، کە نیوەڕۆیە و سفرە ئامادەیە، بەڵام خەندە دەڵێت: (ئاوەدان بێت، با نەبینە ئەرک بۆتان ئێوە میوانتان هەیە). دایکی بەحەپەسانەوە پێیان ڕادەگەیەنێت، کە هیچ میوانی لێ نییە وچاوەڕێی هەنی و باوکی دەکەن ئەوانیش ئێستا دێنەوە، پێشی سەیرە کە ئەمان پێش هەنی گەیشتوون و ئەو هێشتا نەهاتوەتەوە. دۆخێکی سەیرە نەدایکی هەنی لەوان تێدەگەیشت و نەئەوانیش لەو، ئیدی هاژە لەسەرخۆ هۆکاری هاتنەکەیان ڕووندەکاتەوە و خەندەش ڕاسپاردەکەی بەڕێوەبەری پێڕادەگەنێت، دایکی هەنی بەدەم قسەکانیانەوە هۆن هۆن فرمێسک بەچاوەکانیدا دێنە خوارەوە و زمانی گۆناکات هیچ بڵێت، بۆئەوەی کچەکەی لەبەردەم ئەواندا نەشکێنێت لەدڵی خۆیدا دەڵێت: (ئاخ هەنی، چۆن توانیوتە ئەم هەموو شتەمان لێبشاریتەوە و ئێمەش وەک کەڕەی شەربەت ئاگامان لەهیچ نییە؟) لەداخاندا تەنیا پەنجەکانی لێک دەئاڵێنێت و دەگری، هاژە و خەندەش حەپەساون و نازانن مەسەلە چییە؟

لەم کاتە هەستیارەدا هەنی، کە بڕیاری داوە هەڵەکانی ڕاست بکاتەوە بە دڵخۆشیەوە دەرگای حەوشە دەکاتەوە و بەودیمەنە تەواو دەهەژێت. نازانێت بەخێرهاتنی ئەوان بکات یان باوەش بەدایکە کڵۆڵەکەیدا بکات و هەردوو دەستە ماندوەکانی بەسنگییەوە بگرێت و هەموو ڕاستیەکانی بۆ باسبکات و داوای لێبوردنی لێبکات. ئەم دیمەنە لەگرتەی فیلمێک دەچوو، کەسیان هیچیان نەدەگوت تەنیا حەپەسابوون و لەیەکتریان دەڕوانی. تا زەنگی تەلەفۆنەکەی دایکی هەموویانی ڕاچڵەکاند و لەبەر ئەوەی دایکی نەیتوانی وەڵامی بداتەوە هەنی بۆ ئەوەی بابەتەکە بگۆڕێت خێرا وەڵامی دایەوە: (فەرموو، بەڵێ دایکم دەستی گیراوە من کچی ئەوم، فەرموو؟ چیییی؟ لە کام نەخۆشخانەیە؟ چیبی؟)، هاوارو قیژەی هەنی هەموویانی هەژاند...



پاش گەیشتنیان بە نەخۆشخانەی فریاکەتن، پزیشکەکان و کارمەندانی نەخۆشخانە، ئەوەی پێویست بوو بۆ باوکی ئەنجامیان دابوو، پێشییان ڕاگەیاندن کە بۆ چارەسەری شکاویی ئێسقانی ڕانی و برینەکانی پێویستە ماوەیەک لەژێر چاودێریی پزیشکیدا بمێنێتەوە. ئەو شەوە مامی هەنی بەدیار براکەیەوەبوو. تا بەیانی لەتاو ئازار خەو نەچووە چاوی باوکی هەنی. لەماڵیشەوە هەنی بەچاوی پڕ لەگریانەوە هەموو ڕاستیەکانی بۆ دایکی باسکرد وپەشیمانی خۆی بۆ دەربڕی. دایکی هەنی بە نەرمی وتی: (تکایە ئیتر هیچمان لێمەشارەوە) هەنیش زۆر بەشەرمەزاریەوە وتی: (دایکە گیان بۆ هەموو شتێک زۆر داوای لێبووردن دەکەم، ئیتر هەرگیز درۆتان لەگەڵدا ناکەم)، دایکیشی دڵنەواییکرد کە هەمیشە مرۆڤی ڕاستگۆ، ئاسودە و بەختەوەرە لە ژیانیدا، پاشان بەگریانەوە باوەشیان بەیەکدا کرد ...

هەنی شەوێکی ناخۆش و خەوێکی پچڕ پچڕی بردەسەر. بۆ بەیانی بەدڵێکی پڕ لەخەمەوە ڕێی قوتابخانەی گرتەبەر. بەبێ دوودڵی چوو بۆلای بەڕێوەبەر و بوێرانە بە قورگی نوساوەوە هەموو ڕوداوەکانی بۆ گێڕایەوە و داوای لێبوردنیکرد لە هەموو درۆ و هەڵەکانی، بارودۆخی ئێستای باوکیشی بۆ ڕوونکردەوە و هەستی بە ئاسودەیی دەروونی کرد. خاتوونی بەڕێوەبەر بەسۆزی دایکانەوە ئامێزی خۆشەویستی بۆ کردەوە و فرمێسکەکانی بۆ سڕییەوە ووتی: (کچی شیرینم زۆربەمان هەڵە دەکەین، گرنگ ئەوەیە زوو بە هەڵەکەمان بزانین و پەندی لێوەربگرین) سوپاسی بوێری و ڕاستگۆییەکەشی کرد. هیوای شیفا و زووچاکبوونەوەشی بۆ باوکی خواست. داواشی کرد ئیدی لە قوتابخانە دانەبڕێت هەتاوەکو خوێندنەکەی نەفەوتێت. هەنی بڕیاریدا ئیدی لەژیانیدا ڕاستگۆ بێت و هەنگاوی دروست بگرێتەبەر، بە دەروونێکی ئارامەوە بەرەو پۆلەکەی ڕۆیشت و زۆرسوپاسی هاوپۆلەکانی کرد، بەتایبەتی هاژە و خەندە، کە بەڕاستی نموونەی هاوڕێی ڕاستەقینە و دڵسۆزن. خاتوونی بەڕێوەبەر بۆهەواڵ پرسین پەیوەندی بە دایکی هەنییەوە کرد وتکاشی کرد، کە هیچ شتێک لەڕووی هەنی نەدا، چونکە پەشیمانەو بەڵێنیداوە، کە هەرگیز دووبارەی ناکاتەوە.



لەولاشەوە شادەی هاوڕێی لەسەر بەزمی خۆی بەردەوامە و ئاگاشی لەم ڕووداوانەی هەنی نییە و پەیوەندیە گوماناویەکانی لەگەڵ دلێر و شەماڵ و کەسانی تریشدا زیادی کردووە.

هەفتەیەک بەسەر ئەو ڕووداوانەدا تێپەری، کاتی پشووی نێوان وانەکانە. لە باخچەی قوتابخانەکەیاندا هاژە و خەندە هاوکاریی هەنی دەکەن لە پێداچوونەوەی ئەو بابەتانەی کە لەدەستی چووە. هەنی دەروونی ئارامترە، دۆخی تەندروستی باوکی جێگیرە و باشترە. هەبوونی ئەم دوو هاوڕێ دڵسۆزە و ڕێز وهاوکاریی بەڕێوەبەر و مامۆستا دڵسۆزەکانی زیاتر دڵخۆشی دەکەن. پشووەکە تەواودەبێت پێکەوە بەرەو پۆل دەڕۆن: (هەنی، هەنی) ئەو دەنگە نامۆ نییە، ئاوڕ دەداتەوە، شادەی هاوڕێی دەبینێت کە دڵتەنگ و ڕووخاوە، سیمای هەڵبزڕکاوە، هەنی کە هەست بەودۆخە تێکشکاوەی شادە دەکات، لەئامێزی دەگرێت و بەدەم چوونە ناوپۆلەوە کەمێک گفتوگۆ و گلەیی لەیەکدی دەکەن. هەنی بۆی دەردەکەوێت کە شادە لەکێشەیەکی گەورەدایە، وەها ڕێکدەکەون کە دوای وانەکان بڕۆنەوە بۆ ماڵی خۆیان و دەردەدڵی خۆیان بکەن.




لە ڕێگادا هەنی هەموو ڕاز وگلەیی خۆی بۆ شادە باسدەکات و دۆخی ئێستای باوکی بۆ ڕووندەکاتەوە و شادەش دڵتەنگی و هاوخەمیی خۆی بۆدەردەبڕیت. پاشان شادە بەگریان و نیگەرانییەوە خەم و پەژارەی خۆی باسدەکات. وێڕای ئەو هەموو متمانەیەی کە بە دلێر و هاوڕێکانی هەیبووە، بەڵام دڵسافی ئەمیان قۆستۆتەوە و بەهەژماری ساختە هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەکانی دەکەن و داوای پارە و شتی نابەجێی لێدەکەن.

هەنی دەحەپەسێت، واقی وڕدەمێنێت، کە چۆن ئاوا بەساویلکەیی خێرا باوەڕ و متمانەی بەو مرۆڤە فێڵبازانە کردووە و وێنەی تایبەتی خۆی بۆ ناردون؟! شادە بە هەنسکی گریانەوە، دەڵێت: (چیبکەم، هەندێک جار مرۆڤ تەنها یەک دیوی شتەکان دەبینێت، وەهام هەست دەکرد کە دڵسۆزترین هاوڕێمن).
هەنی زۆر بەدڵنیاییەوە پێیدەڵێت: (نەخێر نابێت بەئاسانی باوەڕ و متمانە بەهەموو کەسێکی نەناسراو بکرێت بەتایبەتی ئەوانەی کە لەڕێی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانەوە دەیانناسین)، هەنی لە نزیک ماڵی خۆیان داوا لەشادە دەکات کە خۆڕاگربێت و فرمێسکەکانی بسڕێتەوە. دەچنە ژوورەوە و پێکەوە نانی نیوەڕۆ دەخۆن و دوایی دەڕۆن بۆ نەخۆشخانە و سەر لە باوکی هەنی دەدەن. هەنی بە شادە دەڵێت کە بۆ سبەینێ وەها باشترە لەگەڵ مامۆستا سارا دا قسەبکەین بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک، چونکە ئەو شارەزاترە و هەموو جارێکیش بە قوتابییەکان دەڵێت: (هەر کێشە و گرفتێکتان هەبوو بە متمانەوە و بەبێ دوودڵی پێم بڵێن، من هاوکار و پشتیوانتان دەبم). شادە هەرچەندە ناڕازییە و حەزناکات کەس بەنهێنیەکانی بزانێت. بەڵام هەنی ڕازی دەکات، کە بۆ ئەم جۆرە کێشانە پێویستە ڕاوێژ بە کەسانی شارەزا و متمانە پێکراو بکرێت.



بەدرێژایی شەو شادە بە چەندین شێوە بیری لە کێشەکانی دەکردەوە هیچ ئارام نەدەبووەوە وتەنانەت بۆ ساتێکیش خەو نەدەچووە چاوە پڕ لە فرمێسکەکانی، وەک ئەوەی لە گۆشەیەکی زینداندا بێت، هەموو کەلوپەلی ژوورەکەی لێ ببووە مۆتەکە وهەر جارەی بە شێوەیەک خەیاڵی بۆ ئەنجامی ڕووداوەکان دەچوو. ئەگەر بەداواکەیان ڕازی بێت، ئەوا دەبێت ئەو ملوانکە زێڕەی بفرۆشێت کە دایکی پارساڵ بە دیاری بۆی کڕیبوو. یان بە داواکارییە نابەجێکانییان ڕازی بێت، کە ئەمەش دەبێتە سەرەتای تێوەگلانی لە کاری زۆر خراپتر و نابەجێتر. ئەمەش سووکایەتی و ناوزڕاندنی بۆ خۆی وخێزانەکەی بەدواوەیە. ئەگەر ڕازیش نەبێت ئەوا ئەوان بە ئاسانی وازناهێنن و لێکەوتەی باشی نابێت. ئەی هاوار چیبکات؟ ئەم هەموو بیرکردنەوە نەرێنییانە ئەوەندە مێشکیان داگیرکردبوو کە هیچ تروسکاییەکی بەدینەدەکرد. نەیدەزانی یەزدان لە هەموو کێشەکان گەورەترە و هەموو کێشەیەک چارەسەری گونجاوی خۆی هەیە.



بۆ بەیانی، شادە چاوەکانی وەک گۆمی خوێنییان لێهاتبوو. هەرچەندە زۆر بێهیوا بوو، بەڵام بەپێداگری هەنی وانەیەک مۆڵەتیان وەرگرت و ڕۆیشتن بۆ ژووری مامۆستا سارا ی ڕێنماییکار، شادە بەگریان و شەرمەزارییەوە ئەوەی ڕوویدابوو هەمووی گێڕایەوە، مامۆستا سارا بەسەلیقە و تێگەیشتنی خۆی، هێوریکردنەوە و دڵنیایی پێدان کە چارەسەرەکەی زۆر ئاسانە و بە شادە دەڵێت: ﴿پێویست بەم هەموو خەم و گریانە ناکات، جارێ دۆخەکە بە هێمنی ڕاگرە و مەچۆرە ژێرباری هەڕەشەکانییانەوە و بابەتەکە لای کەسی تر مەدرکێنە. متمانەت هەبێت بەبێ ئەوەی زیانت پێبگات کێشەکە چارەسەر دەبێت﴾ بەڵێنی پێدان و دەستبەجێ بەهاوکاریی بەڕێوەبەر، ڕێکارە یاساییەکانی گرتەبەر و کۆپی نامەکان و هەژمارە گومانلێکراوەکانی بەنهێنی گەیاندە ئەفسەری تایبەتمەند، ئەوانیش لە ڕێگای تەکنەلۆجیای نوێ و پێشکەوتووەوە دەستبەکار بوون بۆ دۆزینەوەی گومانلێکراوان و تاوانباران.



بە تێپەڕبوونی کات زۆر شت دەگۆڕێت، هەنی لە کاتی تەنگانەدا پشتی نەکردە شادەی هاوڕێی و بەردەوام بوو لە دڵنەوایی و هێورکردنەوە وپشتگیریکردنی لە خوێندن و دوورخستنەوەی لەیاری ئەلەکترۆنی و هاوڕێ بێسوودەکانی. هەنی ڕۆژانە پاش پیاچوونەوەی وانەکانی، هاوکاریی دایکی دەکرد لە کاری ماڵەوەدا، باوکیشی لە نەخۆشخانە ڕۆژانە ڕاهێنان و چارەسەری سروشتی بۆ ئەنجام دەدرا و تەندروستیشی ڕۆژ بە ڕۆژ باشتر دەبوو. هاژە و خەندەش وەک دوو هاوڕێی دڵسۆز، هەمیشە لە خەمی زوو چاکبوونەوەی باوکی هەنیدا بوون. لە کاتی ئەنجامدانی ئەزموونەکانی وەرزی یەکەمدا، لە دەوری هەنی و شادە بوون و زۆرجار پێکەوە پێداچوونەوەیان دەکرد بۆ وانەکان و شیکردنەوەی بابەتە ئاڵۆز و گرانەکان.

مامۆستا سارا و بەڕێوەبەریش بە نهێنی و لەڕێگای دەزگا تایبەتمەندەکانەوە، زۆر دڵسۆزانە و بەوپەری هەستکردن بە لێپرسراوێتییەوە بەدوای سەرەداوەکانی کەسە بەد ناو وگومانلێکراوەکانەوە بوون، بۆ دۆزینەوە و ڕێگریی لێکردنیان.

ئەمڕۆ پاش تەواوبوونی دوائەزموونی وەرزی یەکەم، بەڕێوەبەر ناردی بەدوای هەنی و شادەدا. لە کاتی ڕۆیشتنیان بۆ ژووری بەڕێوەبەر، چەندین پرسیار لە مێشکییاندا گەڵاڵە بوو . دەبێ چ شتێکی هەڵەیان کردبێ هەتا بانگ بکرێن؟ تۆ بڵێی لە ئەزموونەکاندا دەرنەچووبن، یان وەڵامەکانییان خراپ بوبێت؟ یان و یان و...



بەدڵەڕاوکێوە لە دەرگایاندا و چوونە ژوورەوە، بە بینینی مامۆستا سارا هەناسەیەکی ئاسودەییان بە بەردا هاتەوە. بەڕێوەبەر بە خەندەوە داوای کرد: (کچینە مەشڵەژێن، فەرموو دانیشن)، تەواوی ئەو ڕێکارە یاساییانەی بۆ باسکردن کە بۆ دۆزینەوەی تاوانبارەکە گیراونەتەبەر.(گ.ع) ناوێکە و چەندین هەژماری ساختەی هەبووە. شەماڵ و دلێریش قوربانی بوون و فریودراون، ئێستا هەرسێکیان ڕووبەڕووی دادگا و لێپرسینەوە کراونەتەوە. شادە لە خۆشیدا خۆی بۆ ڕانەگیراو دەستی کرد بە گریان. زۆر سوپاسی بەڕێوەبەر و مامۆستا سارایان کرد وئەوانیش ئامێزێکی پڕ لەسۆزیان بۆ کردنەوە. بەڕێوەبەر بە نەرمی وتی: (دڵنیام لەم هەڵانە پەند وەردەگرن، متمانەم پێتانە، کە دووبارەی ناکەنەوە. ئەوەش بزانن بەڵێن زۆر گرنگە). پاشان سوودە زۆرەکانی تەکنەلۆژیا و ئەنتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانی بۆ ڕوونکردنەوە کە ئەگەر باش بەکار بهێنرێن چەندین ئاسانکاری بۆ ژیان و زانست وخوێندن دەکەن.



پاش هاتنە دەرەوەیان لە ژووری بەڕێوەبەر، هەردووکیان هەناسەیەکی پڕ لە ئاسودەییان هەڵمژی و شادە وەک ڕزگاربوو لە نغرۆبوونی دەریایەکی قوڵ، بارگرانی سەرشانی نەما و بەسوپاسێکی گەرمەوە هەنی لە ئامێزگرت و پێکەوە فرمێسکی خۆشی داباریە چاوە نەرمەکانییانەوە.

هەنی بە شادمانییەکی لە ڕادە بەدەرەوە، گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. لە دوورەوە، لەبەردەگا قەرەباڵغییەکی نا ئاسایی بەدیکرد. خورپە بە دڵیدا هات: (دەبێت چی بووبێت؟ خوایە گیان ئەم شادییەم لێ تێکنەچێت). هەنگاوەکانی خێراتر کرد، خوشکە بچووکەکەی بە هەڵەداوان گەیشتە بەردەمی و بە خۆشییەکی زۆرەوە وتی: (دادە هەنی گیان، باوکم لە نەخۆشخانە گەڕایەوە)، وای لەوهەواڵە خۆشە. هەنی بەدڵ سوپاسی خودای کرد، بە گەرمی خوشکەکەی لە ئامێزگرت و ماچیکرد. کە گەیشتە بەردەرگا بە خۆشحاڵیەوە دراوسێکانی بەڕێکرد، کە بۆ بەخێرهاتنەوەی باوکی هاتبوون. خێرا خۆی گەیاندە ژوورەوە، بەڵام کە باوکی بینی لەسەر عەرەبانەیە، خۆی پێڕانەگیرا و دەستی بەگریان کرد و توند باوەشی بەباوکیدا کرد. باوکیشی بۆ دڵنەوایی پێی وت: (کچە میهرەبانەکەم مەگری، من زۆر باشم، پەنا بەخوا ماوەیەکی تر دەکەومەوە سەر پێیەکانم). دایکی ومام و خاڵەکانیشی هەریەکەیان بە شێوازێکی جیاواز، دڵنەواییان کرد.



ئەو نیوەڕۆیە جارێکی تر ژیان و شادمانی گەڕایەوە بۆ ناو ماڵەکەیان و پێکەوە لەسەر خوانی پڕ لە سۆز و خۆشەویستی خواردنێکی بە چێژیان خوارد.
هەنیش وەک مرۆڤێکی وەفادار، هەموو کات نزای خێر و هەستی سوپاسگوزاریی خۆی دەردەبڕی بۆهاوڕێ دڵسۆزەکانی کە بوونە مامۆستا و ڕێنیشاندەرێکی باش بۆی وهۆکارێک بوون هەتا لەسەر ڕێی ڕاستی ژیان دوورنەکەوێتەوە و نوقمی ناو دەریای لیخنی هەڵەکانی نەبێت.



# چی فێربوویت لە چیرۆکەکەم؟



ڕات چییە سەبارەت بەم چیرۆکە؟
ئەم کۆدە سکان بکە وپێمان بڵێ

SEED Girls

seed foundation
Social Educational Economic Development



# هەنی دوابڕیاری خۆی دەدا

موەفەق عارف لهۆنی